

باران

ئەنوەری ڕەشی عەولا/ مانچیستەر

# لیلۆ.. کچە ئاوییەک



ئەم کچە تاقانەیەی.. من

لە منداڵدانی هەورێکی پایزیی، هەڵوەریی

بە دەنوکی حاجی لەقلەقێکەوە

بە قوماتەی هەورێک لە چوڕی شیر دەچوو، هات

لەو کاتەوە پێو قەدەمی لەگەڵ باراندا هێناوە

بەیانیان.. بۆنی گزنگی تازە پشکوتووی تیا هاتۆتەوە بەر مەیان و

گوێم لێیە.. تیشک بە چ نەشوەیەکەوە

بە دەنگی خۆی

سەرلەنوێ جاویدانیەتی گەردون بانگدەکاتەوە.

کچەکەم.. بێ ئەوەی هەڵوەدای هیچیش بێت

خۆر بە ئەوپەڕی خۆشڕوویی خۆیەوە.. لە دڵیدا هەڵدێ

بێ ئەوەی سەوداسەری هیچ بێت

نەوای نەی.. لە دڵی گەردونیشدا دەبیستێ.

ئا.. کچەکەم، دەڵێی دڵی بە دڵی خودایەکی نەناسراوەوە گرێدراوە

بە هەموو مناڵێتی خۆیەوە، دەزانێ

گوڵی نێو پەنجەرەکە.. دڵی بە کوێی ژیانەوەیە

ئینجا تیکەنانێک و

متوموورى مەحەببەت و

چەند قومێ شیر، کە لە ڕۆح بچۆڕێ

هەتا ئەوپەڕی تریقانەوە.. دڵخۆشی دەکەن.

ئیتر ئاوایە.. کچەکەم.



بۆ ئەبەدییەت تێی دەڕوانم و
بۆ ئەبەدییەت لەگەڵیدا دەژیم و
گەرچی ناشزانم.. کچە ئاوییەکەم
لە چ پێچێکی باراندایە.. چاو دادەخا و
لە ژێر ساباتی گەڵایەکی کۆچەرییشدا
هەتا ئەوپەڕیی ڕەهایی بە خەیاڵی سەوز و سوورەوە دەڕوا و ڕێدەکا.

ئاخر لیلۆ.. بە تەریقەتی خۆی
لە حەوزی دڵە بچکۆلانەکەیدا
غوسڵی
ژیان دەردەکاتەوە.

ئەوە هیچ
بە زمانێکی خودایەکی جانانەوە
پێمدەڵێت: باوکە، غەمت نەبێت
ئیتر تۆش بەو هەموو گەورەییەتەوە، مناڵی منیت!

ئەزانی چی.. بابە
هەر ئەم یارییەشم بۆ بکەرەوە
من بۆ لای تۆ بڵند دەبمەوە و
تۆش بۆ لای من، نەوی!
ئاخر ئەزانی چی.. بابە

تۆوێک چۆن لە درەختێک دەڕوانێ.. منیش هەر ئاوا چاو لە تۆ ئەکەم
لاچینێک چۆن نەوی دەبێت بۆ نێچیرێک
تۆش بە هەمان حیرسەوە
چنگی مەحەببەت لە گیانی گیانم  گیر بکە.. باوکە!

ئاخر کچە وردیلانەکەم..
جارێ تۆش رێمبدە سوپاست بکەم
کە بەو هەموو نەشمیلانەییەی خۆتەوە هاتی و
شنەی شەماڵی ئەستێرەکانت
بە ئاسمانی سینەی باوکانەم  بەخشی و
لەم دەیجورستانەدا
رۆح پرژێنت کردم بە  تریفەی مانگ.

بەڵێ.. بەڵێ کە تۆ هاتی، هەرچی پەڕۆ و پاتاڵێک لە عەنباری سینەمدا بوو
سپاردنت بە بایەکی وێڵ
منی گەڕۆڵت، لە فیردەوسێکی نائاشنادا خڵافاند..
ئەرێ.. بە دیار کخە و تەتەی ژیانێکی تازەخوڵقاوەوە
تۆ هاتی و وتت: ترپەی پێی ژیان بژنەوە، لەگەڵ ترپەی دڵی مندا.
تۆ هاتی وەک خودایەک، ئایەت بە ئایەت
سەراسیمەت کردمەوە، بە ئاوازی نەبیستراوی نهێنیەکان.



شیعر

بەڵێ.. بەڵێ دەڵێی یەکەمینجارە، گوێ لە تارژەنینی ژیان دەگرم
نەغمەی هاڵ و هەواڵی گوڵڕەنگیی تیا دەبیستم
ژیان.. بە جۆرێکی وا سەروسامان بە هۆرەکانی دەدا
بە کەیف و سەفایەکەوە
هەواو هەوەسەکانی دەدرکێنی بۆ من
کە هێشتا هاڵاویان لێهەڵدەستێ

سەیرە.. ئەم زیندەگی یە
دەڵێی زرنگانەوەیەکی دی لە رۆحی مەزنی خۆی
دائەهێڵیتە ناومەوە.. لیلۆ
ئەرێ تۆ چیت کرد..؟
( تاقانە خونچەکەی باخی ژیانم.. زیندووکەرەوەی ئاواتی بێ گیانم)

چ خوا بەردارە، ئەم نهێنیەت بۆ نەدرکێنم.. کچەکەم.
کە تۆ هاتی، وەک هەمیشە..
لە کۆمیدییا و تراژیدییاکانی ژیان؛ رامابووم
بە وێنەی بەندۆڵی سەعات دەهاتم و دەچووم؛ بێ وەستان
هەرچی ئەو کەسانەی کۆڵەکەی رۆحم بوون
بێوادە جێیان دەهێشتم..
رێمبدە ئاوا بانگت لێبکەم..
ئەی رۆحی سەرمەست، بە هۆرەی هەور.. و
بە لەنجە ولار و سەمای سازگاری نمە باران.. و





شیعر

شەلاڵ بە ئەندێشەی دەریا.. و
رازاوە، بە زەرق و بەرق و ورشە ورشی تیشک
لەسەر پێستی ناسکی ئاو
دە تۆش جێم مەهێڵە.. ئەی
(تاقانە خونچەکەی باغی ژیانم.. زیندوکەرەوەی ئاواتی بێ گیانم)

کە تاک و تەنها، بە دیار چاوەکانتەوە، رادەمێنم
بە لەونێکی تری.. بە هەست و پێستمەوە
بەر ئەفسانە و لوغزی ژیان ئەکەومەوە.
وەک بڵێی گوڵەکان،
بۆ یەکەمینجار بێت،
ئاوها بۆنیان خۆش بێت و
هێندە روو کراوە و گەش بن، بە رووی خۆرێکی عاشقدا.

دڵت بنێ بە دڵمەوە
ئەی شەفەقی رۆحی من..
کێ هەیە شایەنی ئەوە بێت
لەسەر سینەی من راکشێت
مەگەر دڵێکی مناڵانەی وەک تۆی هەبێت..!؟

وردیلانەکەم.. کە گەردوون بەو هەموو گەورەییەی خۆیەوە
لەو دڵە بچکۆلانەیەی تۆدا دەرکەوت

چیتر لام سەیر نەبوو، ئاوازی زەریاشم
لە نێو گەرووی دڵۆپێک باراندا، ژنەوت.

دواجار.. هیچم نییە پێت ببەخشم
تەنێ...
لە سایەسەری ئەم مێرگوزاری ژیانەدا
تنۆک.. تنۆک، لە خانەکانی رۆحت
پڕببن؛ لە نزاکانی وردە تیشکی شێت و شەیدا
لە بەخشش و خۆشاوەکانی؛ ئەندێشە
لە پەیک و ئەلفبای غەزەل و
ئەقڵ و دڵێکی سەرفراز و
لە ورشەورشی ئاقیقەکانی، عیشق.
....................................................

هەر ئەوەندە.. هەر ئەوەندە، کچە ئاوییەکەم.





## ئەنوەری رەشی عەوڵ

- ساڵی 1963 لە گەڕەکی سابونکەرانی شاری سلێمانی لە دایکبووە.
- بۆ یەکەمینجار ساڵی 1983 دوو بابەتی لە گۆڤاری (نوسەری چیا) و گۆڤاری (رابەر) دا بڵاوکردوەتەوە.
- ساڵی 1985 چۆتە شاخ و دوای ئەوەی لە ساڵی 1988داو لەئەنفالەکاندا هێزی پێشمەرگە پاشەکشەی کرد، لەگەڵ ئاڵای شۆڕش دا چۆتە دیوی رۆژهەلاتی کوردستان.
- هەمان ساڵیش ئاڵای شۆڕش لە ئێران دوو کتێبی ئەدەبییان بەناوەکانی (رێزی پرسیار بگرن) و (بروسکە) بۆ چاپکردوە.
- ساڵی 1991 کوردستانی بەجێهێشت و روویکردە سوریا و لە ساڵی (1993)ەوە بۆماوەی هەژدە ساڵ لە فینلاند بووەو دواتر چۆتە بەریتانیا.

بەرهەمەکانی:

- (لەتابووت دووریيا**1991**-) سوریا.
- (کۆمۆنەی نان**1993**-، سوید)، (لە سەمای سەرمەدییا) (گەڕان بە نیشتمانەکانی سەرابدا)، (وابزانم بووم بە وشە)، (ونبون لە بێشەکانی بادا)، (باران رەدووکەوتووی قەسیدەی با)، (خود... نوسینەوە) (دیدار و گوتار)، (پەرتگا-رۆمان)